سەرۆك وەزیران: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە پێشینەی کارەکانی حکومەتە

ئەمە پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جەختیکردەوە: کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە پێشینەی کارەکانی حکومەتە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە سەرۆکی دەستەی نیشتمانی لوبنانی بە نهێشتنی گەندەڵی دادوەر کلەد کەرەم کرد.

سودانی لە میانی دیدارەکەدا رایگەیاند: حکومەتی عێراق شەڕی دژی گەندەڵی لە سەرووی ئەولەویەتەکانی خێیەوە داناوە، و وتیشی: هاوکاری وەاتانی برا و دەست لەگەڵ عێراق لەسەر پرسی وەرگرتنەوەی پارەی دزراوەکان و کەسانی داواکراو پەوەرەکە بە سەرکەوتنی پێیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ ئەو وەاتانە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە: لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەبارەی داواکارییەکان بە هاوکاری یاسایی و ئەکارەکانی هادەستکردنەوەی داواکراوان لە دەسیکانی گەندەڵی و وەرگرتنەوەی پارەی دزراوەکان و ئاوگەڵی زانیاری سەبارەت بە تەمەتبار و داواکراوان، هەروەها جەختکرایەوە، لەسەر گرنگی ئاوگەڵی ئەزموون و تەکنیکەکان کە کارایی کارمەندانی بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

لە هەردوو وەتا زیاد دەکەن.